سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا
لێژنەی نووسینگەکان

نقابة مهندسي كوردستان
مجلس النقابة
KURDISTAN ENGINEERS UNION
COUNCIL OF UNION

KURDISTAN ENGINEERS UNION

ژمارە : ٣١٤٣/ن
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/١٢/٠٦

## فەرمانی سەندیکایی

بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە پەیرەوی نووسینگە ئەندازەییەکانی کوردستان ژمارە ٣ ساڵی٢٠١٩ ئاماژە بە ماددەی چوارەم برگەی سێ یەم لە پەیرەوی سەرەوە بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە سەبارەت بە چۆنیەتی داواکردنی نوێ کردنەوەی بەردەوامی کاری نووسینگە ئەندازەی و ڕاوێژکاریەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١

**یەکەم** ئاراستە کردنی نووسراوێکی فەرمی لە نووسینگەوە بۆ لێژنەی نووسینگە ئەندازەییەکانی سەندیکا و تیادا داوای مۆڵەتی بەردەوامی کارکردنی نووسینگەکەیان بکەن بۆ ساڵی ٢٠٢١ و تیادا ئاماژە بەم زانیاریانەی لای خوارەوە بکەن:

١ پسپۆریەکانی نووسینگە لەگەڵ ناوی سەرۆک پسپۆریەکان.

٢ ناونیشانی ئۆفیسی نووسینگەو ، ئەگەر گۆرانکاری لە شوێنی نووسینگە روویدابوو پێویستە وێنەیەک لە گرێ بەست و نەخشەی شوێنی نووسینگە هاوپێچ بکرێ.

٣ دیاری کردنی دوو ژمارەی مۆبایل کە ڤایبەریان لەسەر بێت.

٤ دیاری کردنی نوێنەری نووسینگە کە هەڵدەستێت بە ڕاپەراندنی کاروباری نووسینگە.

٥ دیاری کردنی (Email)ی نووسینگە.

٦ هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامەنەی لای خوارەوە لەگەڵ نووسراوەکەدا

أ پاکانەی باجی دەرامەتی نووسینگە بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

ب لستی ناوو زانیاری ئەو پرۆژانەی کە لە ژێر سەرپەرشتی نووسینگە دایە(جزئي –كلي) لەگەڵ ناوی ئەندازیارانی سەرپەرشتیار.

ج. گرێ بەستی کاری سەرۆک بەشەکان و ئەندازیارانی سەرپەرشتیای پرۆژەکان.

**دووەم** ئەو نووسینگە ئەندازەیی و ڕاوێژکاریانەی کە پرۆژەی سەرپەرشتی لە ئەستۆیاندایە (جزئي – كلي) پێویستە پێش کۆتایی مانگی ك٢ ساڵی ٢٠٢١ (پێش ٢٠٢١/١/٣١) مۆڵەتی بەردەوامی کارکردنی نووسینگە بۆ ساڵی ٢٠٢١ ئەنجام بدەن بە پێ ی خاڵی یەکەمی سەرەوە وە بە پێچەوانەوە داوادەکرێت لە لایەنی پەیوەندار بە هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەستەکانی سەرپەرشتی و نووسینگە بەرپرسیار دەبێت لە هەر زەرەرو زیانێک بەر خاوەن موڵک بکەوێت بە هۆی ڕاگرتنی کاری پرۆژەکان

**سێ یەم** پاش ووردبینی کردنی داواکاری نوێ کردنەوەی بەردەوامی کاری نووسینگە بۆ ساڵی ٢٠٢١ و بەڵگەنامە داواکراوەکان بە پێ ی خاڵی یەکەم ، لێژنەی نووسینگەکان هەڵدەستێ بە کەشفی ئۆفیسی نووسینگەو بە دواداچوون بۆ کاروبارەکانی ناو ئۆفیس و هەڵسەنگاندنی لە ڕوی کارگێری و یاسایی و تەکنیکیەوە و دواتر بریار دەدرێت لەسەر نوێ کردنەوە و بەردەوامی کاری نووسینگە بۆ ساڵی ٢٠٢١.

عبدالرحمن علي كوردە
نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
٢٠٢٠/١٢/٦

وێنەیەک بۆ/
-ئەنجومەنی سەندیکا... بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- لێژنەی نووسینگەکان ... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی گشتی .

Mob:+964(0)7504668704 Viber: +964(0)7508575232
Web: www.andazyar.org E-mail : andazyar2011information@gmail.com
هەولێر شەقامی شەست مەتری – بەرامبەر پاریکای شەهید فرەنسۆ

هاوکار ٢٠٢٠/١٢/٠٦